No :

Date: ٢٠١٨/٣/٦

ژمـــارە: ١١٠٤

ڕێکەوت: ١٥/ ڕەشەمێ/ ٢٧١٧ ی کوردی

بۆ/ گشت وەزارەتەکان/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێزوەزیر

بابەت/ بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران

هاوپێچ لـەگەڵ ئەم نووسـراوە وێنـەی بڕیاری کۆبوونـەوەی ژمـارە (٤٢)ی ئەنجومـــەنی وەزیرأن لـە ڕۆژی ٢٠١٨/١/١٧ بە ژمارە (١٣٢) لە ڕۆژی ٢٠١٨/١/١٧ دەنێرین بۆتان.

لەگەڵ ڕێزدا.

**هاوپێچ:**

- بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٢) لە ٢٠١٨/١/١٧.

د. ئامانج ڕەحیم
سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران

**No :** ژمـــارە :

**Date:** / / رێکەوت : / / ٢٧ ی کوردی

<u>وێنەیەك بۆ:</u>

- دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی وەبەرهێنان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئابووری، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت دەستە و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکانی سەر بە وەزارەت، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەن/ لەگەڵ بەراییەکان، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی یاسایی، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.

هەرێمی کوردستان/عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/العراق
مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٣٢) لە ٢٠١٨/١/١٧

پشتبەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٢) لە ٢٠١٨/١/١٧ تایبەت بە خستنەرووی پرۆژەی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی ئەو خزمەتگوزاریانەی لەلایەن وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە هاووڵاتییان دەکرێن بە ئاراستەی ئاسانکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی گەیاندنیان و نەهێشتنی ڕۆتینی نەرێنی لە ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتییان، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** ڕاگەیاندنی بەرنامەی خزمەت کە بریتییە لە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە و باشترکردنی سەرجەم خزمەتەکان کە لەلایەن فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکرێن. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە لەسەر وەزارەتەکان و دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی کۆتایی بە خزمەتەکان بکەن بە مەبەستی:

أ. کەمکردنەوەی ڕۆتینی نەرێنی و بەرزکردنەوەی ئاستی گەیاندنی خزمەتەکان لە ڕووی ئاسانکاری و کەمکردنەوەی کات و هەنگاوی واژوو.

ب. یەکخستنی میکانیزم و شێوازی گەیاندنی خزمەتەکان.

ج. داڕشتنەوەی ڕێنمایی جێبەجێکردنی خزمەتەکان و دوای گۆڕانکاری، وێنەی کۆتایی بنێردرێنەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

د. بەردەستخستنی ڕێنمایی و ڕێبەر و نامیلکەی تایبەت بۆ هەر خزمەتێك.

ه. لە کاتی هەبوونی هەر گۆڕانکارییەك لە خزمەتەکان، پێویستە خزمەتخوازان بە نووسراوی فەرمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئاگادار بکەنەوە.

**دووەم:** وەك کارئاسانی بۆ خزمەتخوازان، پێویستە سەرجەم خزمەتەکان لە پۆرتاڵی خزمەت بڵاوبکرێنەوە و بەردەست بن، و بە بەردەوامی نوێ بکرێنەوە.

هەرێمی کوردستان/عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/العراق
مجلس الوزراء

**سێیەم:** پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی تایبەت بە دەرئەنجام و پێشنیارەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**چوارەم:** پێویستە لەسەر گشت وەزارەت و دامودەزگاکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژی کاردا، لە ڕۆژی دەرچوونی نووسراوی گشتاندنی ئەم بڕیارە لەلایەن سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەست بکەن بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە و بە ڕاپۆرتی دەوری، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە بەرەوپێشچوون ئاگادار بکەنەوە.

**پێنجەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران